زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# هەندێ لە وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی و ڕەچەڵەکیان

پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی(زمانی کوردی)کراوە، وەک بەشێک

لە پێداویستەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (زمان)دا

ئامادەکراوە لە لایەن؛
دەشنێ عباس ضامن

سەرپەرشتیار؛
د.ساکار ئەنوەر حەمید

نیسان:٢٠٢٣

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ناوەڕۆک | ٢ |
| سوپاس و پێزانیین | ٣ |
| پێشکەشکردن | ٤ |
| پێشەکی | ٥ |
| بەشی یەکەم؛وشە خواستن لە زماندا | ٦ |
| وشە چییە؟ | ٦ |
| پێناسەی وشە | ٧ |
| تایبەتمەندییەکانی وشە | ٨ |
| جۆرەکانی وشە؛لە ڕووی بەکارهێنانەوە | ٩ |
| وشەی سست | ٩ |
| وشەی چالاک | ١٠ |
| وشەی مردوو | ١١ |
| وشەی نوێباو | ١٣ |
| خواستن | ١٤ |
| جۆرەکانی خواستن | ١٦ |
| خواستنی سەپێنراو | ١٦ |
| خواستنی بەئارەزوو | ١٧ |
| بەشی دووەم؛هەندێ لە وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی و ڕەچەڵەکییان | ١٩ |
| ڕەچەڵەکی وشە چییە؟ | ١٩ |
| هەندێ لە وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی | ١٩ |
| ئەنجام | ٣١ |
| لیستی سەرچاوەکان | ٣٣ |

## سوپاس و پێزانین

*سوپاس بۆ خوای گەورە و میهرەبان کە هێز و توانای پێ بەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

*سوپاسی بێ پایانم بۆ (د.ساکار ئەنوەر حمید) کە هاوکار و سەرپەرشتیارم بوو،زانیاری زیاتری بە توێژینەوەکە بەخشی،لە پێناو بە ئامانج گەیاندنی توێژینەوەیەکی سوودبەخش.

*سوپاس بۆ سەرۆکایەتی بەشی کوردی،کە دەرفەتی ئەوەی پێدام توێژینەوەکەم ئەنجام بدەم.

*سوپاسی تەواوی ئەو مامۆستایانە دەکەم کە لە قۆناغی بەکالۆریۆس وانەیان پێ وتوم.

*سوپاسی هاورێ خۆشەویستەکانم دەکەم کە هەمیشە یارمەتییان داوم لە دەستکەوتن و پێدانی سەرچاوەکان.

## پێشکەشکردن

پێشکەشە بە؛

*بەشی زمانی کوردی

*بە دایک و باوکی خۆشەویستم

*سەرجەم هاوڕێ خۆشەویستەکانم

*هەموو ئەوانەی یارمەتییان داوم لە دەسخستنی سەرچاوەو زانیارییەکان

## پێشەکی؛

**بابەتی توێژینەوەکە**: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**هەندی لە وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی و ڕەچەڵەکییان**)ە،هەوڵێکە بۆ زانینی مێژوو و ڕەچەڵەکی وشەکان، لەلای زۆر زمانەوانان ئەم بابەتە زۆر گرینگی پێ دراوەو چەندین لێکۆڵینەوە دەکرێت بۆ دۆزینەوەی بنەچەی ئەم وشە بیانییانە، چەندین فەرهەنگ و کتێب چاپ کراون دەربارەی ئەم بابەتە بۆ چاو ڕوونی و شارەزا بوون لە ڕەچەڵەکی ئەو وشانەی کە موڵکی کورد نین.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** ئەوەی کە پاڵنەرمان بو(**وشە خواستن**) بکەین بە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە ناسینی ڕەگ و ڕیشەی وشەکان زۆر گرینگە لە ژیانی ڕۆژانەمان، ڕۆژانە چەنەها وشە بەکاردەهێنین، بێ ئەوەی بزانین ئەم وشەیە سەر بە چ زمانێکە و چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە هاتۆتە ناو زمانەکەمان،لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی پەنا بۆ وشە ڕەسەنەکانی خۆمان ببەین و دووربکەوینەوە لە بەکارهێنانی وشەی بێگانە.

**پلانی توێژینەوەکە**: لە دوو بەش پێکهاتووە،بەشی یەکەم:لایەنی تیۆرییە و ناونیشانی ئەوەیە(**وشە خواستن لە زماندا**) لەم بەشەدا پێناسەی وشەمان کردووە و گرینگترین تایبەتمەندییەکانیمان خستۆتە ڕوو،هەروەها باسکردنی جۆرەکانی وشە لە ڕووی بەکارهێنانەوە،دواتر پێناسەی خواستن و جۆرەکانیمان باس کردووە،

(**هەندێ لە وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی و ڕەچەڵەکییان**) ناونیشانی بەشی دووەمی توێژینەوەکەیە،لەم بەشەدا بە شێوەیەکی تیۆری و پراکتیکی باس لە بنچینە و ڕیشەی هەندێک لە وشەکان دەکات و دیاری دەکات ڕەچەڵەکی ئەو وشانە چین و لە چ زمانێکەوە وەرگیراون.

لە کۆتایی توێژینەوەکە ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بەدەستمان هێناون،لەگەڵ سەرچاوەکان دیاریکراون.

## بەشی یەکەم: وشە خواستن لە زماندا

## وشە چییە:

وشە وەک دانەیەکی گرنگ و سەرەکی زمان لە دێرزەمانەوە سەرنجی زانایان و زمانەوانانی لە جیهاندا ڕاکێشاوە کە لەسەر بناغەی بیروبۆچوونی هەمەچەشنەو هەمەلایەنە بەردەوام هەوڵدراوە و بەوردی لێی کۆڵراوەتەوە و هەنگاوی بەرچاو و گەورەی بۆ نراوە و تا ئەمڕۆ، چەندین کاری زانستی و پڕ بەها و بەسوود بە ڕێگای جیاواز لە چوارچێوەی زانستەکانی زمان و زانستە نزیکەکانی تریش لێوەی کراوە و پەل بۆ پەی بردن بۆجەوهەری ئەم دانەیە هاوێژراوەو بەرهەمی دیارو سەرکەوتووی لێ کەوتۆتەوە، بەها و گەورەوگرانی ئەم دانەیە یان ئەم کەرەستە زمانییە وەک دەردەکەوێت لەوەدایە کە لەدایکبووی ئەمڕۆ نییە،بەڵکو بنجێکی پتەو و قوڵی هەیە، بەدرێژایی مێژوودا دەچێتە خوارێ و زادەی بەرهەمی کەڵەکەبووی تاقیکردنەوە یەک لەدوای یەکی عەقڵ و هۆش و بیری مرۆڤە و بە لایەنی سایکۆلۆژی ئەوەوە توند گرێدراوە.(فاروق عمر:٢٠١١ ؛١٢) ڕێزمانە کلاسیکییەکان لە شیکردنەوەی زماندا وشەیان بە بناغە داناوە و بەهۆیەوە بەشەکانی ئاخاوتنیان دەستنیشان کردووە، ئەم بیرە واتا(دانانی وشە بەبنج)تا ماوەیەکی زۆر باڵی بەسەر زۆربەی لێکۆڵینەوە ڕێزمانییەکاندا کێشابوو،بۆیە نەیانتوانی هەموو کەرەستە بێ واتاکانی زمان بە وشە دابنێن، نەشیانتوانی وشە بکەنە پێوانە بۆ شیکردنەوەی زمان،وشە و تێگەشتن لە وشە بەندە بە شارستانیەتی میللەت و کلتوورەکەیەوە،هۆکارێکە بۆ زاڵبوون بە سەر زماندا، تاکو بتوانرێ قسەی پێ بکرێ، بۆیە دەبینین(هاوزمانان) زیاتر لە یەک تێدەگەن،ئەویش بەهۆی زۆر نزیکی فەرهەنگی وشەو بیرەکانیان لەیەکەوە.(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩:٣)

## پێناسەی وشە:

لە کۆنەوە تاکو ئێستا زمانەوانان ژمارەیەکی زۆر پێناسەی جۆراو جۆریان بۆ وشە کردووە،هەر زمانەوان و قوتابخانەیەکی زمانەوانی لە ڕوانگەی هزرو بۆچوونی خۆیەوە وشەی ناساندووە،بۆ نموونە زمانەوانی ڕووسی(شێربا) باوەڕی وایە کە پێناسەی وشە دەبێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بگۆڕێت،چونکە پێی وایە وشە وەکو ئەو دیاردە زمانەوانییانە نییە لە هەموو زمانێکدا بەیەک شێوە ڕەفتار بکات،واتە وشە لە هەر زمانێک تایبەتێتی خۆی هەیە،کە تایبەتە بە یاسا و ڕێساکانی زمانەکە.(سەرکەوت مەجید:٢٠١٧:٧)

وشە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە زماندا و بە یەکەیەکی بنچینەیی زمان دەژمێردرێت کە لە دێر زەمانەوە ئەم کارە سەرەکییە لەلایەن زاناکان و توێژەرەکان بە پوختی ئەنجام دراوە و جێگەی بایەخ پێدانیان بووە،بۆ نموونە فەیلەسوفی یۆنانی(ئەرستۆ) (٢٣٠٠) ساڵ پێش ئێستا پێناسەی وشەی کردووە و دەڵێت:(وشە یاخود ناو واژەیەکی واتادارە و پێکهاتووە لە چەند دەنگێک هیچ بەشێکی خۆی لە خۆیدا مانا نابەخشێت).(ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩:٣)

ناکرێت پێناسەیەکی گشتگیر بۆ وشە دابنرێت،ئەمە جگە لەوەی (لەناو هەر زمانێکیشدا هەر یەک جۆر وشە نییە،بۆ ڕێکخستنی کەرەستەکانی ناو ڕستە،تاوەکو ئاخێوەر ئەو بیرەی کە هەیەتی بە شێوەیەکی ڕوون بیگەیەنێت).(سەرکەوت مەجید:٢٠١٧: ٧)

هەرچەندە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان لەبارەی وشەوە لێکۆڵینەوە زۆرە و لە گەلێک سوچەوە لەم مەسەلەیە وردبوونەتەوە و گەلێک زانا بەم کارەوە خەریک بوون و بەرهەمی بەنرخییان پێشکەش کردووە و ئەنجامی سەرکەوتوویان بەدەست هێناوە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەعریفی تەواوی وشە نەکراوە و لەم بارەیەوە ڕایەکی یەکگرتوی وەها نییە کە گشت لایەک و تایبەتێتییەکی ئەم باسەی گرتبێتەوە و هەموو زماننانسان لایەنگیری بکەن.(ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٥)

لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو پێناسانەی سەرچاوەکەی دەست دەکەوێت بخەینە ڕوو:

- وشە:کۆمەڵە دەنگێکە پەیوەندییان پێکەوە هەیە و واتا دەبەخشن.( ڕەفیق شوانی:٣٦:٢٠١٤)

- ستیڤن ئۆلمان بەم شێوەیە پێناسەی وشە دەکات: بچوکترین دانەی سەربەخۆی واتادارە یاخود بچوکترین یەکەی واتادارە لە قسەکردن و زماندا.( رەفیق شوانی:٣٦:٢٠١٤)

- سۆسێر دەڵێت: وشە بێ ئەوەی سەیری گرانی دیاریکردنی ئەم چەمکە بکرێت،(دانەیەکە بەردەوام لە مێشکدا،وەک شتێک سەنتەری ئالەتی زمانی داگیر کردووە.( فاروق عمر:١٣:٢٠١١)

## تایبەتمەندییەکانی وشە:

ئەوڕەحمانی حاجی مارف لە کتێبی(وشەی زمانی کوردی) تایبەتمەندییەکانی وشە دەستنیشان دەکات بەم شێوەیە:

١- پێکهاتنی فۆنەتیکی هەبێت.

٢- مانا و واتادار بێت.

٣- قەوارەی ڕێزمانی هەبێت.

٤- هەمیشە خاوەن دەنگ و مانا بێت.

٥- هەردەم لە ئاخاوتندا وەک دانەیەک لە زمان بەکاربهێنرێت.

٦- پتر لە یەک گیرەی نەبێت.

٧- بتوانرێ لە ڕستەدا بەکاربهێنرێ.

٨- توانای هەبێت ببێت بە ئیدیۆم.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٧:١٩٧٥)

**جۆرەکانی وشە:**

لە ڕووی بەکارهێنانەوە  وشە چەند جۆرێکی هەیە،ئەوانیش:

**١- وشەی سست:**ئەو وشانەن کە بەرە بەرە بەکارهێنانیان کەم دەبێتەوە و بەرەو سوان دەچن و زمان جێ دەهێڵن،هەروەها ئەو وشانە دەگرێتەوە کە زمان هێشتا پێویستی پێیان نەبووە یاخود پێویستی پێیان نەماوە.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥ :٤٩).

وشەی سست ئەو وشانەن کە لە فەرهەنگی زماندا هەن بەڵام بەکارهێنانیان کەمە وەک (یاریکەر، دۆست،ناندین....).(عبدالواحید موشیر دزەیی:٢٠١٣:٣٤)

ژمارەی وشەکانی هەموو زمانێک دیاری نەکراوە،چونکە وشە بەردەوام لە گۆڕاندایە و ژمارەی وشە لە زۆربوون و هەروەها لە کەمبوونیشدایە،چونکە هەندێک وشە هەن کە ڕۆژانە بەکار ناهێنرێن،جا بەکارنەهێنانی وشە یاخود کەم بەکارهێنانی لە ڕێگەی هەر فاکتەرێکەوە بێت پێی دەگوترێت وشەی(سست/ناچالاک).(شۆخان عزیز:٢٠١٤ :٧١ )

کەواتە وشەی سست بە دوو شێوە هەیە لە زماندا،ئەوانیش:

١- ئەو وشانەی لەکار دەکەون و پەکیان دەکەوێ و کۆن دەبن و بەرەو سوان دەڕۆن، واتە (وشەی مردوو).

٢- ئەو وشە نوێیانەی هێشتا بە تەواوی لە زماندا ڕەگیان دانەکوتاوە،یاخود تازە هاتۆتە ناو زمانەوە،واتە(وشەی نوێباو).(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥ :٤٩)

گومانی تێدا نییە،کە ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە،گۆڕانی هەر لایەنێکی ژیانیش دەبێتە هۆی هێنانی وشە و زاراوەی نوێ بۆناو فەرهەنگی زمان و جێگەی وشەو پێداویستییە کۆنەکان دەگرنەوە،

چونکە هەندێک جار شتەکە بوونی نامێنێت یاخود بەکارهێنانی کەمدەبێتەوە، بۆیە وشەکەش نامێنێت، وەک: (جۆری خۆراک،جل و بەرگ،پێداویستی ناوماڵ،سەربازی،جەنگ،هۆیەکانی گواستنەوە...).(شۆخان عزیز:٢٠١٤ :٧٢)

**٢- وشەی چالاک**: چالاک وەک زاراوە بەرامبەر بەو وشانە بەکاردەهێنرێت،کە لە لایەن زۆرینەی قسەپێکەرانەوە بەکاردەهێنرێن و دووبارە دەبنەوە،جگە لەمە وشەی چالاک ئەو وشانەش دەگرێتەوە کە سەرباری زۆر بەکارهێنانیان توانای گۆڕینی واتایان هەیە و لەبارن بۆ پێکهێنانی وشەی نوێ و واتای نوێ لە(وشەی داڕێژراو، لێکدراو، فرێزی چەسپاو، ئیدیەم)دا،ئەمەش بە بەشدارییان لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانیان و پێویستی بوونی ڕۆژانەی مرۆڤە بۆ ئەو وشانە، هەروەها چالاکی بەپێی بواری بەکارهێنانی وشە،بەو پێیەی هەموو وشەیەک لە بەکارهێنانیدا لە بوارەکەی خۆیدا چالاکە، وشەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی زیاتر وشە چالاکەکانن، چونکە فەرهەنگی بنەڕەتی لە سەرەتای پەیدابوونی زمانەوە هەیە و گشت ئەو وشانە دەگرێتەوە،کە زیاتر ئاماژە بۆ پێداویستییە سەرەکی و گرنگەکانی مرۆڤ دەکەن.(شۆخان عزیز:٧٩:٢٠١٤)

وشەی چالاک:ئەو وشانەن کە بەکارهێنان و دووبارە بوونەوەیان زۆرە لە زمانی ئاخاوتن و نوسین، وەک:(دەست،نان،خوارد...)(عبدالواحید موشیر دزەیی:٢٠١٣ :٣٤)

وشەی چالاک ئەوانەن کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێن و هەردەم لەسەر زارن و لە چاپەمەنێکاندا بەرچاو دەکەون.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٤٩:١٩٧٥)

وشەی چالاک چوار واتای هەیە:

**یەکەم**: بریتییە لەزۆر بەکارهێنانی وشە لەلایەن قسەکەرەوە بۆ داڕشتن و تێگەیشتن لەوشەی نوێ یان نەبوو.

**دووەم**:چالاکی بە واتای بڵاوی وشە یان گیرەک دێت،مەبەست لە بڵاوی وشە توانای دروستکردن یان داڕشتنی وشەی تازەیە،بۆ نموونە:گیرەکی چالاک دەتوانێت ژمارەیەکی زۆر لە وشە دروست بکات،بۆ نموونە پاشگری (وو) لە وشەکانی وەک(دانیشتوو،ڕۆیشتوو،گەیشتوو....)زۆر چالاکە.

**سێیەم**:لێرەدا چالاکی پەیوەندی بە بەکارهێنانەوە هەیە،فۆڕمی چالاک ئەوانەن کە لە زمانی ڕۆژانەدا بەکاردێن و وشە دروست دەکەن.

**چوارەم**: فۆڕمی چالاک ئەوانەن کە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر بنجی شیاودا بەکاردێن،بۆ نموونە پاشگری (کەر) پاشگرێکی چالاکە و دەچێتە سەر ناوی سادە وەک(نانکەر،دارکەر)هەروەها لەگەڵ ئاوەڵناودا دێت و واتای بکەر دەبەخشێت،وەک(خۆشکەر).(ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩:٣٠)

**٣-وشەی مردوو**:لەکارکەوتن و نەمانی وشە کارێکی گرانەو یەکسەر ڕوونادات بەڵکو لەسەرخۆ دەبێت، دوای ئەوەی لەڕێگای هۆی تایبەتییەوە بەکارهێنانی هەندێک وشە کەم دەبنەوە لە بەشی چالاکەوە دەچنە بەشی سستەوە،ئینجا دوایی وردە وردە کەمتر بەکاردەهێنرێن وتا یەکجاری لەسەرزار دەکەون و زمان بەجێ دەهێڵن.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٤٩:١٩٧٥)

مردنی وشە کارێکی ئاسان وخێرا نییە،پاش ئەوەی وشە بەکارناهێنرێت لەلایەن قسەپێکەرانییەوە کۆن دەبێت، وشە لەکاتی بەکارنەهێنانیدا وەکو لاشەیەکی مردوو وایە و بەکارنەهێنان و کۆن بوونی وشەکان بەشێنەییە، واتە پەیوەستە بە کات و سەردەمێکی جیاوازەوە، پاش ئەوەی وشە قۆناغەکانی (لەدایکبوون، گەشەکردن، چالاکی، سستی)دەبڕێت،بەهۆی هەر فاکتەرێکەوە بێت بەکارهێنانی نامێنێت.(شۆخان عزیز:٢٠١٤ :٧٠)

هەر وشەیەک لە زماندا نەمێنێت و بمرێت،هەر ئەوەندە نییە کە تەنها لەبەرچاو ون بێت،بەڵکو ئیتر کەس بیری لێ ناکاتەوەو بەکاری ناهێنێت تا لەئەنجامدا نامێنێت و ئەمرێت.(ساکار ئەنوەر: ٢٠٠٩ :٣٩).

ئەو مردنە مردنێکی تەواو نییە.چونکە لە چوارچێوەی فریزێکی چەسپاو، ئیدیەم، شعری شاعیران، نوسینی نوسەر....هتد)، بەرچاو دەکەون و دەمێنن، بۆ نمونە(قەڵغان، ڕەقیب،سوپەر، ئاهوو، هەودا ....هتد).(شۆخان عزیز:٢٠١٤ :٧٠)

لە نێوان وشەی مردوودا جیاوازی هەیە،هەندێ لەو وشانە بە جۆرێک لە کارکەوتوون و هێندە لە مێژە لەسەر زمان نەماون،کە بەرەی ئەم دەمەی کورد نەیبیستوون و تەنیا لە ڕێگای توێژینەوەوە ئاشکرا دەبن،ئەم جۆرە وشانەش بریتیین لە؛

**أ**– ئەو وشانەی بەتەواوەتی لە زمان چونەتەدەرەوەو بەهیچ جۆرێک لە زمانەکەماندا بەدی ناکرێن و تەنانەت لەپێکهێنانی وشەی لێکدراویشدا ئەسەریان نییە، بۆ ئەم مەبەستە لەوتێکستانەدا کە ئۆسکارمان کۆی کردوونەتەوە گەلێک نموونە بەرچاو دەکەون، وەک(ئەسرین، کەبرێن، سەبرێن ...هتد) کە لەزمانی کوردی ئەمرۆدا نەماون و ماناشیان تەنیا لەڕێگەی ڕستەوە ئاشکرا دەبن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان  تەنانەت بەڕستەش ڕوون نابنەوە،بۆ نموونە وشەی(ئەسرین) بەمانای (خەم، پەژارە،داخ)دێت،بەڵام هەرچی وشەی (کەبرێن،سەبرێن)مانایان ئاشکرا نییە و تەنانەت لە ڕستەشدا بۆمان ڕوون نەبۆتەوە.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٥٠)

**ب**– ئەو وشانەی بەشێک لە ڕێژەکانیان لە زماندا نەماون بە وێنە وشەی (پەروەردە) وەک ناوی بەرکار ماوە بەڵام ڕێژەکانی تری نەماون، کەچی ئەگەر تەماشای زمانی فارسی بکەین دەبینین کە ڕێژەکانی دیکەی ئەم وشەیە وەک (پروریدن، میپروراند، پرورش)ماون، یاخود هەر لەو تێکستانەی کە ئۆسکارمان تۆماری کردون، وشەی (بوێر) بەمانای (ئازا) بەرچاودەکەوێ، بەڵام لە زمانی کوردی ئەمڕۆدا ئەم وشەیە نەماوە کەچی ڕێژەکانی دیکەی وەک(ناوێرێ، پێم ناوێرێ، پێ وێران، پێی وێرام..هتد) نەک هەر ماون بەڵکو زۆریش بەکاردەهێنرێن. (ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥:٥٢)

٤-**وشەی نوێباو**:بەرامبەر بە دیاردەی نەمانی وشە و چوونە دەرەوەیان لەزمان و دیاردەی پەیدابونی وشەی نوێ هەیە، کەئەمیش هۆیەکی گرنگە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی هەر زمانێک، ئەم دیاردەیە واتە پەیدا بونی وشەی نوێ لە زماندا، لەهەر دەورێکی مێژوودا بێت، دەبێتە هۆی پەیدابوونی چینێکی دیکە لە وشەی سست.(ئەورەحمانی حاجی مارف:٥٣:١٩٧٥)

وشەی نوێباو ئەو وشانەن کەوا بۆ مانایەکی ناسراوی دانەیەک(وحدە)لە زمان بەکاردەهێنرێن و تازا هاتوونەتە زمانەوەو هێشتا نەچۆنەتە ڕیزی وشەی چالاکی ئەو زمانە،ئەو جۆرە وشانە تا ئەو دەمەی بەتەواوەتی ڕەگ دانەکوتن و جێگیر نەبن و بڵاونەبنەوە و نەچنە ڕیزی وشەی چالاکەوە هەر بە نوێباوی دەمێننەوە و ڕەنگی تازەییان تێدا دەبینرێت،بۆنموونە وشەی(ڕێزمان) هەرچەندە ماوەی(٢٠)ساڵێک دەبێت لە زمانی کوردیدا پەیدا بووە بەڵام لەبەر ئەوەی بەتەواوەتی بڵاوبۆتەوەو جێگیر بووەو ڕەگی داکوتاوەو هاتۆتە ڕیزی وشەی چالاکی کوردییەوە،هەروەها وشەی (نوسەر، خوێنەر، گۆڤار، چیرۆک....هتد)لەگەڵ ئەوەدا کە لەمێژ نییە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە بەڵام چونکە تێکڕای خەڵکەکە وەری گرتون لەبەرئەوە لە نوێباوی دەرچوون و لە ڕیزی وشەی چالاکی کوردیدا وەستاون. (ئەورەحمانی حاجی مارف:٥٣:١٩٧٥)

هەرچی وشەی نوێباوە پەیدا دەبێت لەئەنجامی؛

١-هاتنەکایەی شت و مانا و دیاردەی نوێ،بێگومان پەیدابوونی وشەی نوێ بۆ زمان کارێکی پێویستە چونکە ناکرێت ئەو شت و مانا و دیاردە نوێیانە بێ ناو بمێننەوە چونکە میللەت و زمان پێویستییان بە بەکارهێنانییان هەیە.

٢-سەرهەڵدانی ناوی نوێ بۆ ئەو مانایانەی کە ناویان هەبووە،ئەم ڕێگایە وەک ڕێگای یەکەم پێویست و گرینگ نییە،بەڵام هۆیەکی گرنگە لە پێشخستن و گەشەپێدانی زماندا،پەیدابوونی وشەی

نویَ بۆ ئەو مانایانەی کە ناویان هەبووە لە ئەنجامی هەستکردنی خاوەنی ئەو زمانەوەیە بۆ هێنانەکایەوەی وشەی نویَ.(سەرچاوەی پێشوو ل:٥٥)

## خواستن:

خواستن واتە هەڵگرتنەوە و بەکار هێنانی کەرستە زمانیەکان(فۆرم و واتا)لەزار و زمانێکی تردا. خواستن لای زانایانی روانبێژی گۆرینی واتای وشەکەیە، لەواتا سەرەتایەکەیەوە بۆ واتایەکی نویَ.(ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩ :٧٧)

کاتێک مرۆڤ وشەیەکی بیانی دەخوازێت لەزمانەکەی خۆیدا بەکاری دەهێنێت، هەوڵ دەدات لە قسەکردن یان لەنوسیندا چ لەڕووی دەنگەوە چ لەڕووی داڕشتنەوە بیگونجێنێت لەگەڵ زمانە ڕەسەنەکەی خۆی، بەمەش وشە خواستراوەکە لە ناو ئەو کۆمەڵەیەی خواستویەتی، بەئاسانی گفتوگۆی پیَ دەکرێت و بڵاو دەبێتەوە و شێوەی ئاسایی وەردەگرێت، بەدەگمەن وشەی خواستراو بیَ دەسکاری لەسەر شێوە ڕەسەنەکەی خۆی دەمینێتەوە، تەنها لەلایەن ئەوکەسانەوە دەبەستریَ کە شارەزایەکی تەواویان لە چۆنیەتی وتنەوەی وشە خواستراوەکە هەیە، یان هەندێکجار لەلایەن دەزگاو کۆرە زانستیەکان، لەکاتی خواستنی زاراوەیەکی زانستی، هەوڵ دەدەن وەکوخۆی بەکاری بهێنن.(سەرچاوەی پێشوو ل؛٧٧)

زمانی کوردی،وەکو هەموو زمانەکانی دیکە،زاراوە وەردەگرێت و لەزمانەکەیدا بەکاریدەهێنێت. ئەمەش لەیاسای کاریگەری زمانەکانی دیکەی جیهان بەدەر نییە(لەسەر ڕووی زەمیندا هیچ زمانێک نییە کە زمانی بێگانە کاری لیَ نەکردبیَ.یاخود تەئسیری زمانی بێگانەی لەسەر نەبیَ.هەروەها هیچ میللەتێک یاخود هەڵگری هیچ زمانێک بەڕەهایی و بە شێوەیەکی تایبەتی و جیاواز دوور لەمیللەتان ناژی).(ڕۆژان نووری:٢٠٠٦ :١٠٣)

هاتنه ناوەوەی زاراوە بۆ فەرهەنگی زمانی کوردی ئەگەر سەرئەنجامی پێویستی بێ،هیچ زیانێک بە زمانەکە ناگەیەنێت،زمانێکی سەربەخۆ بەومانایە کە هیچ وشەی هاندەرانی تێدا نەبێ دەست ناکەوێ،(هیچ گەلیکیش بە تێکەڵاوی چەند وشەی بێگانە لەزمانەکەیدا توشی هیچ زیانێک نابێ و توشیش نەبووە).(هەژار موکریانی:٢٨٥:١٩٧٤)

بۆیە لەکاتی نەبونی زاراوە بۆ هەموو بەشەکانی زانست،نەبوونی زاراوە بەرامبەر بەهەرواتاو دیاردەیەکی زمان،ئەگەر نەمان توانی زاراوەی ڕەسەنی کوردی بدۆزینەوە،بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ سوود لە وەرگرتنی زاراوە لەزمانی دیکە ببینین،لەم ڕوانگەیەوە زمانەکانی دیکەش هەمان شتیان کردووە،بۆ نموونە؛

زمانی عەرەبی کە نزیکەی (١٤٢٠) ساڵ دەبێ لە هەمو لایەکەوە ڕاژە دەکرێ، تەنانەت گەلێک لەزانایانی کوردیش هەموو ژیانی خۆیان بۆ تەرخان کردووە.کەچی هێشتا بە هەزاران وشەی لە زمانەکانی دیکەی جیهان وەرگرتووە. لەو بارەیەوە(د.جەمال نەبەز)،دەڵێ:(بۆتەیەکە بۆتواندنەوەی هەزاران وشەی عیبری و ئارامیی کۆن و ئێرانی و یۆنانی و هیندی و....هتد)، زمانی فارسیش لەم ڕووەوە لە عەرەبی خاوێنتر نییە.(جەمال نەبەز:٧٦:١٩٧٦)

(لە ڕۆژهەڵاتی نزیک تورک و فارس و ئفغان و هیند و پاکستان بەسەدان و هەزاران وشەی عەرەبی ڕەسەنیان خواستووەو لەفەرهەنگی زمانەکەیان بەکاریان دەهێنن و بەهی خۆیانیان دەزانن.پسپۆڕانی زمانی  فارسی لە ئێران چاکەی سەعدی و حافزی شیرازی بەسەر ئێرانەوە بەوە باس دەکەن کە زۆر وشەی عەرەبییان هێناوەتە ناو شیعری فارسی وا یان گۆڕانکاری تێداکردووە بەو کارەیان زمانی فارسییان دەوڵەمەند کردووە).(هەژار موکریانی ل؛٢٨٥)

هەروەها زمانە ڕۆژئاوایی و ئەوروپییەکان و زمانانی دیکەش هەمان شتن بۆ نموونە:لەفەرهەنگی ئینگلیزی و ڕوسی و ئەڵمانی وشەی وەرگیراو بەرچاو دەکەوێت.(ڕۆژان نووری:٢٠٠٦ :١٠٣)

کەواتە هیچ زمانێکی نەتەوەیی نییە،سوودی لەزمانە جیاوازەکانی دیکەی گەلانی جیهان وەر نەگرتبێ وەرگرتنی زاراوە زۆر هۆکاری هەیە ، وەکو ئەوەی لەلایەن نەتەوەی باڵادەستدا بسەپێندرێت، یان زمانی وڵاتانی پێشکەوتوو لە بواری زانست و تەکنەلۆجیا و داهێنان، زاراوە گەلێک دەسەپێنێتە سەر زمانی نەتەوەکانی دیکە بەهۆی ئەم پێشکەوتن و داهێنانەیان، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی زیادبوونی پەیوەندی نێوان گەلان وهۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ئاسان بوونی هاتووچۆ، وەرگرتن لە نێوان گەلە هاوشێوەکانیش لەبواری پێشکەوتنی زانیاری وئاستەڕامیارییەکان ڕوودەدات. (سەرچاوەی پێشوو ل:١٠٤)

**جۆرەکانی خواستن:**

خواستنی وشەی زمانان پێویستییەکی سرووشتی یە، لە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و زانستی یەوە سەر هەڵدەدا، هەرچەندە بەشێکیان لە سەرەتادا بە گران دێنە بەرچاو، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنان وردە وردە جێگیر دەبن و پەرە دەسێنن، فەرهەنگی زمانیش بەهۆیانەوە دەوڵەمەند دەبێت.(ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩: ٧٩)

بەگشتی جۆرەکانی خواستن بە دوو شێوە بەدی دەکرێت لە زماندا، ئەوانیش:

**١-خواستنی سەپێنراو:**

ئەم دیاردەیەش لە ئەنجامی ململانێی زمانەکانەوە ڕوودەدات، واتە زمانێکی زاڵ و بەرز وشەو زاراوەی خۆی بسەپێنێت بەسەر زمانێکی نزم بەزیو، سەپاندنی وشەی زمانانی بێگانە بەسەر زمانی کوردیدا بە هەر هۆکارێک، ڕۆڵێکی مەزنی بینیوە لە سنووردارکردنی زمانی کوردی، (بەکارهێنانی هەر زمانێ سنووردار بکرێ، توانای ئەو زمانەش سنووردار دەبێتەوە)، (ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩: ٨١)

ئەم جۆرە خواسنەش لە چەند شێوەیەکدا بەدیار دەکەوێت، کە گرینگترینیان ئەمانەنەی خوارەوەن:

١-هاتنی بێگانە بۆ وڵاتێک بەهۆی داگیرکردنەوە،دەبێتە هۆی دەست پێکردنی کاریگەری لەنێوان هەردوولا،واتە هەردوو زمانەکە دەکەونە ژێر کارتێکردنی یەکتری،بەمەش زۆر دیاردەی زمانی لێک وەردەگرن،بەتایبەتی وشەو زاراوە ئەوسا ژمارەیان زیاد دەبێت، یان تەنها یەکێک لەزمانەکان خۆی دەسەپێنێت و زمانەکەی تریش وشەی لێ وەردەگرێت، بۆنموونە قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە لایەن هەموو داگیرکەرانی کوردستان و سەپاندنی زمانەکەیان.

٢-هۆکاری دراوسێیەتی دوو میللەتی جیاواز لە زمان و لەیەک نزیکی شوێنی جوگرافییان، بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لە نێوانیاندایە دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕی وشە و دەربڕینەکان لە نێوان هەردوو زماندا، بۆ نموونە دراوسێیەتی خاکی کوردستان لەگەڵ نەتەوەکانی (عەرەب، فارس، تورک).

٣-جەنگی درێژخایەن لە نێوان دوو میللەت یان هەندێک میللەتی جیاواز لە زمان.

٤-پەیوەندی بازرگانی لە نێوان دوو میللەتی جیاواز، هەرچەندە لە ڕووی بازرگانییەوە شت کرین و گۆڕینەوە زۆربێت، دیاردەی خواستن زۆرتر دەبێت.

٥-پەیوەندی ڕۆشنبیری بەهێزی نێوان دوو میللەتی زمان جیاواز، چونکە هەردوولا کەرەسە لە یەکتری وەردەگرن و دەیخەنە ناو زمانەکەیان.

٦-هەندێ جاریش وشەیەکی بێگانە لەبەر پێویستی لە زماندا دەخوازرێت، ڕەنگە لە بەرامبەریدا هیچ وشەیەکی نەبووبێت بەکاری بێنێت، یان ئەگەر هەیبووبێتیش هەمان واتای وشەکە نەگەیەنێت، وەک وشەکانی (ئیسراومیعراج، عەبا، زەکات، قورئان، شەرع....هتد). (ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩: ٨١)

**٢-خواستنی بە ئارەزوو:**

خواستنی بە ئارەزوو لە ئەنجامی هەڵوێست دەبێت، واتە کاتێ کە وشەیەکی بێگانە لە زمانەکەماندا پەیدادەبێت، بەئارەزوی خۆمان دەیگۆرینەوە بە وشەی زمانێکی بێگانەی تر، چونکە هەست و هەڵوێست و بۆچوونمان جیایە لە وشەی یەکەم، وەک وشەی(مطعم)چونکە تاقیکردنەوەیەکی

خراپمان لەگەڵ ئەو نەتەوەیە هەیە، کە بەنەتەوەیەکی داگیرکەری کورد دادەنرێت، بۆیە دوای ڕاپەڕین، وشە عەرەبیەکان بە لێشاو گۆڕدرانەوە بۆ وشەی کوردی و وشەی بێگانەی تر، یەک لەوانە وەک: (مطعم) بۆ (خواردنگە- چێشتخانە- ڕێستۆرانت) بەڵام بەرامبەر بە ئەوروپیەکان ئەو هەڵوێستە خراپەمان نییە،بۆیە ئاساییە لامان کا وشەکانیان لێ وەربگرین.((بونی ئەو ئارەزوەی کە لە مرۆڤدا هەیە،بە لاسایی کردنەوە ناودەبرێت)) یەکێکە لە هۆکارەکانی وشە خواستن لە زمانی بێگانەدا. لەئەنجامی گەشەو گۆڕانی وشەوە سەرهەڵدەدات.واتە لێرەدا مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی و بێ بوونی هۆکارێکی پێویست، پەنا بۆ ئەو دیاردەیە دەبات و کەرەستەی زمانی (واتاوفۆڕم) لە زمانی بێگانە دەخوازێت و و بەکاری دەهێنێت لە زمانەکەیدا. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کاریگەربوون وحەزکردن بە لاسایی کردنەوەی ئەو زمانانە بێگانەیەی کە ئاستێکی زانستی و ڕۆشنبیری بەرزیان هەیە، بەتایبەتی بەهۆی مەیلی خۆدەرخستن و خۆ جیاکردنەوە لە کەسانی ئاسایی. (ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩: ٧٩)

**بەشی دووەم: هەندێ لە وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی و ڕەچەڵەکییان**

**ڕەچەڵەکی وشە چییە:**

وشە کە ئێمە بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاری دەهێنین و خودی وشەکان زۆر سەیر دروست بوون و جیهانێکی تایبەتییان هەیە،هەر یەکەیان وەربگریت خاوەنی تایبەتێتی و ڕەچەڵەکی خۆیەتی ومێژووی بەشی زۆرییان بەلێلی ماوەتەوەو زانستی ئیتمۆلۆژی کە لەمێژووی پەیداکردن و سازکردن و ڕەگ و ڕیشەی وشە دەکۆڵێتەوە، بێگومان دەست خستنە سەر مێژووی هەموو وشەیەک و ساغکردنەوەی ڕەچەڵەکی کارێکی سەخت و ئاڵۆزە، ناکرێ مرۆڤ لەژیانی ڕۆژانەیدا بە تەنها پشت بە فەرهەنگی زمانەکەی خۆی ببەستێت کەئەمڕۆ لەئارادایە، بۆ ئەوەی کارەکە و ئەنجامەکەی زانستیانە نەبێت، دەبێ پەلبهاوێژی بۆ ئەو زمانانەی کەسەر بە گرووپی زمانی ئەمن و دۆکیۆمێنتە کۆنەکانی ئەو زمانانە و زمانی دەوروپشتی کوردن.(ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩ :٨٩)

***ڕەچەڵەکی هەندێ لە وشە خواستراوەکانی زمانی کوردی:**

دۆزینەوەی ڕەگی مێژووی هەر وشەیەک زانستێکی گەشەکردوو و بەرفراوان و هەمە لایەنە، لە ڕێگای لێکدانەوەی وشەوە زۆر ڕاستی مێژوویمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ڕەنگە بە ڕێگاکانی تر کارێکی ئەستەم و نامەیسەر بێت، میللەتان لە ڕێگای دام و دەزگای ئەکادیمی و زمانەوانییەوە هەمیشە خەریکی لێکدانەوەو دۆزینەوەی واتاو بنەڕەتی وشە بە وشەی زمانەکانی خۆیانن.

(شاسوار هەرشەمی:٢٠٠٩ :٧٧)

لێرەدا باسی هەندێ لەو زمانانە دەکەین کە زمانی کوردی وشەی لێوە خواستووە، وەک ئەمانەی خوارەوە:

**١-وشەی عەرەبی:**

پەیوەندی نەتەوەکەمان بە نەتەوی عەرەب سەرەڕای دێرینی و کۆنی، لەسەر بناغەیەکی ئایینی و ڕامیاری و ئابووری و ئەدەبی و زانستی و دراوسێیەتی دامەزراوە. (ڕۆژان نووری:٢٠٠٦ :١٠٦)

لە زمانی کوردیدا زۆر وشە هەیە کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، هاتنە ناوەوەی ئەو وشانە بۆ زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی ئیسلام و دراوسێیەتی و تێکەڵاوی کورد لەگەڵ عەرەبدا. (ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٥ :٤٢) بۆ نموونە وشەکانی:

- **وەزیر**: بە کەسێک دەوترا کە بیروڕایەک دەربڕێ یا ئامۆژگارییەک بکات، یان ڕاوێژکارییەک پێشکەش بکات، ئەم وشەیە لەپێش ئیسلایمەتی کوتۆتە ناو زمانی عەرەبی و بەو مانایەی سەرەوە هەبووە.(ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩: ١٠٠)

-**خەڵات**: وشەی خەڵات لەزمانی کوردیدا لەجیاتی پاداشت وەرگرتن بەکاردێت لەبری کارێکی ناوازە یان ڕۆڵێکی گرنگ یاخود سەرکەوتن و بردنەوە لە خول و کێبەڕکێ و ڕکەبەرێەکدا. وشەکە لە بنەڕەتدا لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیرا،ئەم وشەیە لە عەرەبی (خەلعەت)ی پێ وتراوە، لەبەر دەرنەبرینی پیتی(ع) لە زمانی کوردیدا پێی دەوترێ(خەڵات).(شاسوار هەرشەمی:٢٠٠٩ :٩٤)

-**ڕۆح**:وشەی(ڕۆح) بەم شێوەیەی ئێستای لەزمانی عەرەبییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی،ڕۆح لە (رەو) یان بەشێوەی کۆ لە (رەوان) وەرگیراوە،ڕەوان لەجیاتی (ڕۆح) تا ئەمرۆش لەزمانی کوردیدا بەکاردێت،هەمومان گوێمان لێی بووە کە یەکێ ئەڵێ ڕۆحی ڕەوانم.(شاسوار هەرشەمی:٢٠٠٩:٨١)

-**ئازیز**:لە وشەی (عزیز)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە کە بە مانای کەسێکی خۆشەویست یان بەڕێزو لەبەر دڵان دێت.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٧:٧٤)

-**تۆمار**: لە (طۆمار)ی عەرەبییەوە وەرگیراوەو هاتۆتە ناو زمانی کوردی بەمانای یاداشت و نووسینی نێو دەفتەر دێت.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٨:٤٨٦)

-**بەقاڵ**: لە (بقال)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە بەمانای دوکاندار دێت کە شتی پێویستی خواردن و نێوماڵ وەک:هێلکە،پەنیر،ڕۆن،قەند،چا....)گەلێک وردە بابەتی دیکە دەفرۆشێ.(عەلی نانەوا:٢٠١٧:٥٩٤)

-**تەیارە**:لە (طیارە)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە بەمانای ئامێرێکی دەسکردە و کە بە ئاسماندا دەفڕێ بۆ ڕاگوێزتنی بار و مسافر و کاروباری نیزامی سوودی لێ وەردەگرن،هەروەها (فڕۆکە،باڵافڕ...)ی پێ دەوترێت.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٨:٦٢٢)

-**تیمساح**: لە(تمساح)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، گیاندارێکی خشۆکی گەورەیە کە لە ئاودا دەژی و درێژایی هەتا ٦مەتر دەبێت،پێستی ئەستوور و دەست و قاچی کورتە و زارێکی گەورە و ددانێکی بەقوەتی هەیە، کە لە (ئەفریقیا، ئوستراڵیا، ئەمریکا، هیند) چەند وڵاتی دیکە دەژین.

(عەلی نانەوازادە:٢٠١٨:٦٤٤)

-**جاسووس**:ئەم وشەیە لە (جاسوس)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە لەزمانی کوردیدا هەر وەکو خۆی بەکاردێت، بەمانای ئەوە دێت کە کەسێک یان کاربەدەستێکی نهێنی دەزگا ئەمنییەکان کە هەواڵی گرینگی وڵاتانی دیکە بۆ دەوڵەتەکانی خۆیان بۆ ئەو شوێنەی جاسووسی بۆ دەکات دەنێرێ.

(عەلی نانەوازادە:٢٠١٩: ١٨)

-**مزگەوت**: کە بە زمانی عەرەبی پێی دەڵێن (مسجد) لە دوو وشەی لێکدراو لە ئاینی زەردەشتی وەرگیراوە، بەم جۆرە پێکهاتووە، وشەی (مز) کورتکراوەی (مەز) یان (مەزدە) کە مەبەست لە خودایە،(هورمز) یان (هورمەزد) یان (ئاهورامەزدا).(گەو)یش جێ یان شوێنە، بەم جۆرە مزگەوت جێی پەرستنی مەزد یان هورمز بووە، کەچی ئەمڕۆ شوێنی هەرە ناسراوی خودا پەرستییە لە ئاینی ئیسلامدا. (شاسوار هەرشەمی:٢٠٠٩ :٨٦)

هەروەها وشەکانی (ڕکات، ئیمام، دەوڵەت، زەکات، حەج، خەت، حاڵ، خێر، وەفا، قەساب، مەلاک، شایەد، مۆڵەت، متفەرک، زوڵم، مەینەتی، ئافرەت، ویژدان، زەلیل، واریس، لەحزە، قەرز، قازی، سەروەت، مامەڵە..هتد) .(ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩ :١٠٠)

**٢-وشەی توركی:**

هەروەكو نەتەوەی عەرەب نەتەوەی توركیش لە ئەنجامی تێكەڵاوی و دراوسێیەتی لەگەڵ كورد دا، ژمارەیەک وشەی توركی هاتۆتە ناو زمانی كوردییەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی توركەكان بۆ ماوەی چەندین سەدە بەناوی ئیسلامەتییەوە دەوڵەتی عوسمانییان دامەزراندووە و كوردستانیش بۆ ماوەیەكی زۆر لە ژێر حوكمڕانی ئەواندا بووە، بۆیە وشەی توركی زۆر لە زمانی كوردیدا دەبینرێت. (ڕۆژان نوری:٢٠٠٦:١١٢) .بۆ نموونە وشەكانی:

-**جانتا**:لە وشەی(جانطه) توركییەوە وەرگیراوە،بە مانای هەگبە و تورەكەی(كیف)ی سەر شان دێت.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٩:٢٦ )

- **یاپراخ**: وشەیەكی توركییە، كوردییەكەی (پەلی ڕەزان).(ساكار ئەنوەر:٢٠٠٩: ١٠٣)

-**دوگمە**:ڕەچەڵەكی ئەم وشەیە سەر بەزمانی توركییەو بەمانای ئامێرێكی كانزا یان پلاستیک و جنسی دیكە دێت، كە لەسەر جل و بەرگی دەدروون بۆ داخستن بەكاردێت هەروەها (قۆپچە)شی پێ دەوترێت.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٩:٥٨٧)

-**پەرچەم**: لەوشەی (برجم)ی توركییەوە هاتۆتە ناو زمانی كوردییەوە، بەمانای مووەكانی نێو چەوانی ژنان دێت.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٩:١٨٦)

-**تاپۆ**: لە (تاپو)ی توركییەوە وەرگیراوە و بە مانای شتێک دێت كە موڵكی كەسێک بێت،یان داگیر كردنی زەوییەک.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٨:٣٥٩)

-**ئاڵتون كۆپری**: بە واتای پردی زێڕین دێت،ناوی بە توركی كراوی شاری (پردێ)یە، بە توركی كردنی ناوی شارەكە بۆ سەردەمێكی دەسەڵاتی توركمانی عوسمانی دەگەڕێتەوە، كاتێک توركەكان لە پردێ نیشتەجێ بوون، ویستوویانە ناوی شارەكە تۆمار بكەن و لە خاڵكی شارییان پرسیوە ناوی شارەكە چییە؟ ئەوانیش وتوویانە ناوی (پردی زاب)ە، توركەكانیش ناوەكەیان گۆڕیوە بۆ توركی (پرد) بەتوركی پێی دەوترێت (كۆپری) بەڵام لە وشەی (زاب) تێنەگەیشتون و نەیانزانیوە

ناوی ڕووبارەکەیە، وایان زانیوە کورد پیتی(ژ)ی عەرەبی بە (ز) گۆ دەکەن،دەبێ (زاب) (ژهب) بێ واتا زێڕ بێ،بۆیە بە هەڵە کردوویانەتە تورکی و ناوی(پردی زێڕین)یان لی ناوە لەجیاتی (پردی زاب). (شاسوار هەرشەمی:٢٠٠٩:١٠٧)

-**قەرەج**:وشەی (قەرەج) لە وشەی (قارەچی)ی تورکییەوە وەرگیراوە،کە بەمانای پێست ڕەش دێت.(شاسوار هەرشەمی:٢٠٠٩:٩٩)

-**پاقلاوە**: ئەم وشەیە لە بنچینەدا وشەیەکی تورکییەو لەوەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی کە جۆرێک شیرنی سازکراو لە (شەکر، هێل، بادام، ئارد، شیر، ڕۆن) کە زۆر شیرینە(عەلی نانەوازادە:٢٠١٧ :٣٠١)

-**پەرداخ**: ڕەچەڵەکی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی تورکی و لەوانەوە وەرمان گرتووە، بەمانای دەفری ئاو دێت، ئاوی تێدا دەخورێتەوە.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٩: ١٨٦)

-**بۆیمباخ**: وشەیەکی تورکییە، لە (بوین باغ)ەوە هاتووە، (boyon-بۆیۆن) لە زاری تورکیدا بە (مل) دەوترێ و (باغ) مانای (بەند)ە.(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩: ١٠٣)

هەروەها وشەکانی(تەکییە، دۆندرمە، چەقۆ، ئارد، قاڵی، قوتی، قەرەداغ، قەرەباڵغ، دۆڵمە، قامچی، تەختە، خانم، خاتوون، یاسا، جەندرمە، قوزەڵقورت، چەکوچ، بورغی، دۆشەک، قەرەتەپە، باجی، ئۆغر، قەرەهەنجیر، ئاڵتون...هتد).(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩: ١٠٣)

### ٣- وشەی فارسی:

لەنێوان ئەو وشە دراوسێیانەی کاوتونەتە ناو زمانی کوردییەوە،بەشێکییان فارسیین، کە لەگەڵ زمانی کوردیدا لەیەک خێزانە زمانن،هۆی پەیدابوون و پتەوبوونی ئەو وشانەش لە زمانی کوردیدا ئەو مێژووە دوورو درێژەیە کە ئەم دوو میللەتە لە تێکەڵاویدا هەیان بووە.(ڕۆژان نووری:٢٠٠٦:١١١)

-**تاپڕ**: لە(تەپر)ی فارسییەوە وەرگیراوە، واتا جۆرێکی تفەنگی ڕاوە کە لە بنەوەڕا فیشەکی پڕکراوەی تێدەنێن (بە پێچەوانەی تفەنگی کۆن کە لە سەرەوەڕا بارووتیان تێ دەکرد)و کاتی تەقینەوە کۆمەڵێک ساچمە دەپرژێنێت و لەوانەیە چەند نێچیرێک ڕاو بکات.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٨:٣٥٩)

-**تەلەفزیۆن**: لە (تلوزیون)ی فارسی هاتۆتە ناو زمانی کوردی، کە دەزگایەکە بیچمو دەنگ و ڕەنگ لە شوێنێکی دوورەوە بەهۆی شەپۆلی ئەلەکتریکی نشان دەدات.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٨:٥٨٢)

**ئەفسەر:** واتە (زابت)، ئەم وشەیە لە ڕێی زمانی فارسییەوە هاتۆتە کوردییەوە، لە (ئەفیسێر)ی ڕووسی و (ئۆفیسییە)ی فەڕەنسی و (ئۆفیسەر)ی ئینگلیزی وەرگیراوە، ئەوانیش لە (ئۆفیسیووم)ی لاتینییەوە بە مانای (فەرمانبەری گشتی)یان وەرگرتووە. (ساکارئەنوەر:٢٠٠٩: ١٠٦)

-**دەزگا**:لە (دستگاە)ی فارسییەوە وەرگیراوە کە پێکهاتووە لە (دست+گاە) ئەم وشەیە بۆ زۆر شوێن بەکاردێت بۆ نموونە(دەزگای ڕادیۆ،دەزگای حکومی،دەزگای پۆلیس،دەزگای خێرخوازی ....هتد).(عەلی نانەوازادە:٢٠١٩:٦٤١)

-**حوکمڕان**: لە (حکمران)ەوە هاتووە، لە زمانی فارسییەوە وەرمان گرتووە، کە پێکهاتووە لە (حوکم+ران) (ران) لە چاوگی راندن وەرگیراوە بە مانای لێخوڕین دێت،بەڵام لێرەدا بە مانای حوکمەت بەڕێوەبردن یان حوکم کردن دێت،کە بەگشتی واتە کەسێک کە حوکل دەکات و ئەم دەردەبڕی.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٩:٢٧٨)

-**وەرزش**: پێکهاتووە لە (وەرز+ش)، وشەیەکی فارسییە و وەکو هاتۆتە ناو زمانی کوردی، (وەرز) ڕەگی چاوگی (وەرزیدن)ە، (ش) (اسمی مصدری یە-ناوی چاوگ). (ساکارئەنوەر:٢٠٠٩: ١٠٧)

-**نوشتە**: لە (نەویشتەی فارسییەوە وەرگیراوە،پارچە کاغەزێکی پێچراوەیە کە هەندێک نزا و پاڕانەوەی تێدا نووسراوە، لە شوێنێکی جل و بەرگیان هەڵیدەواسن تا یارمەتییان بدات لە چاکبوونەوە یان بەمراز گەیشتن.(شاسوار هەرشەمی:٢٠٠٩:٨٧)

**-ئاسایش**: وشەیەکە لە فارسییەوە وەرمانگرتووە کە فارسەکان وشەی(آسایش)یان لە چاوگی (آسودن) وەرگرتووە بە مانای حەسانەوە دێت،وشەی ئاسایش بە مانای ئاسودەیی وهێمنی و حەسانەوە دێت.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٧:٨٢)

**-باتری**: لە زمانی فارسییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی،ئەوانیش وەریانگرتووە و ئەسڵی وشەکە سەر بە ڕەچەڵەکی خۆیان نییە و بەڵکو لەbetterie ی فەڕەنسییەوە وەریانگرتووە، دەزگایەکە بۆ داگیرسانی هەندێک ئامێر بەکاردێت.(عەلی نانەوازادە:٢٠١٧:٢٤١)

هەروەها وشەکانی(نمایس، ئوستاز، ڕۆژنامە، سروشت، ئاشوب، نەورەس، پاڵەوان، ناوزەد، هەست و نەست، نایاب..هتد).(ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩: ١٠٦)

## ٤-وشەی ئینگلیزی:

زمانی کوردی کۆمەڵێک وشەی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگرتووە، بەڵام هەروەکو ڕوونە زمانی ئینگلیزی یەکێ نییە لە دراوسێکانی کورد سەرەڕای ئەوەش وشەی زۆری ئەو زمانە خواستراوە ئەویش زیاتر لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە کەسەرەکیترین هۆکارە بۆ ئەم مەبەستە.بۆنموونە وشەکانی:

**-پرۆفایل**: لە (profile)ی ئینگلیزییەوە هاتووە، کە مانای دیمەنی لاتەنیشتە و بە ئەڵمانی(profil-پرۆفیل)ە. (ساکارئەنوەر:٢٠٠٩: ١١٥)

**-بایکۆت**:لە (boycott)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە کە ناوی بنەماڵەو ناوچەیەکە لە ئیرلەند (١٨٩٧-١٨٣٢) ناوی کابرایەکە کە پاکار و زەویدارێک بوو و ئامادە نەبووە نرخی باج لەسەر جوتیاران کەم بکاتەوە، ئەوانیش بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لەگەڵ بایکۆت قسەیان نەدەکرد و کاریان بۆ نەدەکرد و بەم جۆرە سەرکەتن و ئەم وشەیە واتە شێوەیەک خەبات بۆ ڕاگەیاندنی ناڕەزایەتی و دژایەتی. (عەلی نانەوازادە:٢٠١٧: ٣٤١)

**-سویچ**: کلیلی کردنەوەی تەوژمی کارەبایە یان کلیلی داگیرساندنی ئۆتۆمبێل. وشەکە لە بنەڕەتدا (switch)ی ئینگلیزییە.(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩: ١١٥)

-**تەماتە**: لە (tomato)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، واتە بەری گیایەکی دەستچێنی یەک ساڵەیە، ڕەنگی سوورە و ئاودارە، شکڵی خڕە و توێکڵی ناسکە و دەنکی وردی لەناودایە، تامی مزرە و بە ڕووتی دەخورێ و وشکیش دەکرێ و چێشتی لێ دەکەن. (عەلی نانەوازادە؛٢٠١٨: ٥٩١)

-**سلف:** کلیلی خستنە کاری ئۆتۆمبێلە، وشەکە لە (slave)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، کە بۆ ئەو ئامێرە بەکاردێ کە دەزگای کارەبایی پێ دەخرێتە کار. (ساکارئەنوەر:٢٠٠٩: ١١٥)

-**تایە**: لە (tyre)ی ئینگلئزییەوە هاتووە. (عەلی نانەوازادە :٢٠١٨: ٤١٤)

هەروەها وشەکانی (فیتەر، فوول، ویل، لۆری، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، دی ڤی دی، سەتەلایت، فۆلکلۆر، فیلم، ڕادیۆ، پلەی ستێشن تو، تەلسکۆب، هیتەر، فیزیک، لامپ، سوپەر، توالێت، فریزەر، مارکێت، بەیلەر...هتد).(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩: ١١٥)

### ٥-وشەی ڕووسی:

بۆ نموونە وشەکانی:

-**ئوتوو:** کورد ئەم وشەیەی لە (ئوتیووک)ی ڕووسیەوە وەرگرتووە.(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩ :١١٧)

-**سەماوەر**:ئامێرێکی زۆر ناسراوی ئاو گەرم کردن و چالێنانە،جاران لە زۆربەی ماڵە کوردان و دیوەخانەکاندا هەبوو،سەماوەر لە دوو وشەی لێکدراوی زمانی ڕووسیەوە وەرگیراوە،(سام) واتا لەخۆیەوە یان ئۆتۆماتیک(ئاوەر) واتا گەرم بوون،هەردوو وشەکە بەسەریەکەوە دەبێت بە (لە خۆیەوە گەرم دەبێ).(شاسوار هەرشەمی:٢٠٠٩:١٠١)

-**ئیستیکان**: پیاڵەی چای خواردنەوەیە، وشەکە لە وشەی ڕووسی (ستاکان)ەوە هاتووە. (ساکارئەنوەر:٢٠٠٩ :١١٧).

هەروەها وشەکانی(یاقووت، کەرپووچ....هتد)

### ٦-وشەی هیندی:

بۆ نموونە وشەکانی:

-**عەمبە**:جۆرە گیایەکی ترشە،ترشیاتی زاردی لێ دروست دەکرێت،وشەکە هیندییە، (ئەنب) یان (ئام)ە.(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩:١١٦)

-**قەلەندەر**:کەسێکی کەساس،کەسێکی بێکەس و لێقەوماو،بە کەسێکی بێ جێگا و ڕێگا دەگوترێت. وشەی(قەلەندەر)لەبنەڕەتدا لەزمانی هیندییەوە وەرگیراوە،وشەکە بە زمانی هیندی (کەلەندراس)ە، دەستەیەک خەڵکی گەڕۆک و بێ ماڵن،بۆ دابینکردنی بژێویان هەر جۆرە کارێک هەبێت دەیکەن،تا ئێستاش ئەم جۆرە خەڵکە بە هەمان ناو لە هیندستان ماون.(شاسوار هەرشەمی:٢٠٠٩:٩٨)

-**قول**:بە زۆری بە مرۆڤی ڕەش پێست و بەندە دەوترێت،لە کۆیلە(عبد)ەوە هاتووە،کە بنەڕەتەکەی لەگەڵ وشەی(kuli)ی ئەڵمانی و(cooli)ی ئینگلیزییە،کە وشەکە لە بنەڕەتدا (کوول)ی هیندییە،کە بۆ کارکەری هەرزان و بارگران و خزمەتکارو کۆڵکێش بەکاردەهێنرێ،وشەی قول چووەتە زاری توورکییەوە(kul).(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩: ١١٦)

### ٧-وشەی یۆنانی:

بۆ نموونە وشەکانی:

-**ئیبلیس**:لەوشەی (دیابۆلۆس)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە،عەرەب لەیۆنانییەوە وەری گرتووە،کوردیش لە عەرەبییەوە وەری گرتووە،کە بەواتای (درۆزن،دووزمان)دێت.(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩:١٠٣)

-**کڵێسا**:مزگەوتی فەلەکان،(کڵێسە)شی پێ دەوترێت واتە ماڵی خوا،ئەم وشەیە یۆنانییە چۆتە ناو زمانە هیندۆئەورووپییەکان.(عبدالله ئیبراهیم زادە: ٢٠١٤:١٤٧)

-**دراو**:لە(دراخمێ)ی یۆنانییەوە هاتووەو لەفارسی وعەرەبیشدا بووە بە(درهەم).

(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩:١٠٤)

-**فانۆس/فانۆز**:چرایەکی تایبەتییە لە (فانۆس)ی یۆنانییەوە هاتووە،کەوتۆتە عەرەبی و فارسییەوە بە شێوەی(فانوس).(سەچاوەی پێشوو ل:١٠٤)

-**ئەفەندی**:واتای(سەید)ی عەرەبی دەگەیەنێت.لە (ئائوتێنتیسautentis) یان (ئائوفێنتیسaufentis)ەوە هاتووە،ئەم وشەیە لەزمانی تورکییدا شێوەکەی بوو بە(ئێفێندیefendi)و بە جۆرێک لەناو خەڵکیدا بڵاوبۆوە کە کەم ناو هەبوو نەخرێتە سەری. وشەی(ئەفەنی یان ئەفەندی) لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردییەوە.(فاروق عومەر:٢٠١٥:٢٥)

-**ئیقلیم**:لەوشەی یۆنانی(کلیما)ەوە هاتووە،بە ناوچەیەکی جوگرافی دەوترێ،بە ئینگلیزی (climate) و(clime)ە،بە ئەڵمانی(klima)یە،بەڵام ئێستا بۆ کەش و هەوا بەکاردێت،وشەی (کلیم) بووە بە (هەلیم)و ئینجا(هەرێم) و لە عەرەبیدا بووە بە (حریم).(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩:١٠٥)

هەروەهاوشەکانی(ئەڵماس،ئەبەنووس،ئەتڵەس،تۆمار،تاپۆ،کۆلێرا،فرات،گاز،غاز،فیردەوس،قەپان، قانوون،نافورە، ئەنتیکە،مەڕمەڕ....هتد)هەموویان لەیۆنانییەوە وەرگیراون.(ساکارئەنوەر: ٢٠٠٩:١٠٦)

## ٨-وشەی هیندۆئەوروپی:

بۆ نموونە وشەکانی:

-**کلیل**:وشەیەکی کۆنی هیندۆئەوروپاییە،کە لە زمانی فەڕەنسیدا(cle)و(clef)ن،بە ئینگلیزی(key)و بە ڕووسی(کلووچ)و بە ئەڵمانی(schlussel)و لە فارسیدا بووە بە (کلید)،عەرەبەکان وشەی(کلید) یان کردووە بە (اقلید).(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩:١١٣)

-**خەزال**:وێنەیەکی تری(کەژاڵ)ە،کە ناوی ژنانەیە و مانای(ئاسک-مامز)ە،وشەکە لە عەرەبیدا بووە بە (غەزال)،وشەیەکی کۆنی هیندۆئەوروپاییە،لە ئەڵمانیدا(gazelle)و لە فەڕەنسیدا(gazelle)و لە ئیتاڵیدا (gazelle)یە،فەرهەنگی(duden)ی ئەڵمانی بە وشەیەکی عەرەبی دادەنێ،ئەمەش جێی گومانە چونکە لەکوردیدا چوار پێیەک هەیە کەوەک ڕێوی وایە ناوی(خەز)ە.(ساکارئەنوەر:٢٠٠٩:١١٤)

-**بەگ**: وەک لەقەب بۆ ڕێزلێنان لە زمانی حوکمڕانی عوسمانییەکانەوە لە زمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت، ئەم وشەیە بە ڕەچەڵەک هیندۆئەوروپییە. وشەی (بەگ) لە ڕێگای زمانە ئێرانییەکانەوە پەڕیوەتەوە بۆ زمانە تورکییەکان فۆڕمەکەی بووە بە (بێک)، لەمیشەوە چەند فۆڕمێکی تری لێ بۆتەوە، وەک لە زمانی تورکیدا (بێی) واتای کاک یان سەیدی عەرەبی گەیاندووە.(فاروق عومەر:٢٠١٥: ٢١)

-**گەرم**:وشەیەکی هیندۆئەوروپایی کۆنە،لە پەهلەویش گەرم و لە فارسیش دا هەر گەرمە،هەروەها بە ئینگلیزی(warm) و بە ئەڵمانی ڤارم(warm)ە، وشەکە بنەچەیەکی سانسکریتی هەیە کە (گەهرمە)یە.(ساکار ئەنوەر:٢٠٠٩:١١٤)

هەروەها وشەکانی(گەنج،حورمێ/هورمێ،کورت،کڕاندن....هتد)سەر بە زمانی هیندۆئەوروپین.

**٩-وشەی لاتینی:**

بۆ نموونە وشەکانی:

-**سانسۆر**:چاوخستنە سەر وتاری ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی دی و هەڵسەنگاندنی کە بە عەرەبی (رقابە)یە،لە وشەی لاتینی(censor)ەوە هاتووە کە لە ئەڵمانیدا(zensor)و لە زمانی فەڕەنسیدا (censure) بۆ نمرە دانان لەسەر ئەزموونی قوتابی بەکاردێت،بە ئینگلیزی (censor). (ساکارئەنوەر:٢٠٠٩:١١٠)

-**ئاوقات**:بە کەسێکی قسەزان و لەبلەبان دەگوترێت کە هەم دەتوانێ قسە بکات و هەم دەشوێرێ هەڵوێست دەرببڕێ، لە هەندێک باردا ئاوقات بۆتە نازناوی هەندێک کەس، وشەی ئاوقات لە (Advokat) ئەدڤۆکاتی لاتینییەوە هاتووە کە بە پارێزەر دەوترێت، ئەدڤۆکات زۆر بە بەربڵاوی لە زمانە ئەوروپییەکان بەکاردێت،دیارە وشەکە بەشێوە گۆکردنی ئاوقات لە ڕێگەی زمانی تورکییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی.(شاسوار هەرشەمی:٢٠٠٩:١٠٣)

-**کابینە**:وشەیەکە لە بنەڕەتدا لاتینییە(capanna)،لە فەڕەنسیدا(cabine)و لە ئەڵمانیدا(kabine)یە، بۆ ژووری بچووک بەکاردێت،بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ کۆمەڵەی وەزیرانی حکوومەتێ بەکاردێت.(ساکارئەنوەر:١١١:٢٠٠٩)

-**قامووس**:ئەم وشەیە لە زمانی عەرەبیدا بە مانای(قاموس-وشەنامە)و ناوەندی زەریا بەکاردێت، لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییەو لەوشەی(campus)ەوە وەرگیراوە،کە بەمانای زەوییەکی تەخت دێت, وشەی (camp)و(camping)یش هەر لەمەوە وەرگیراوە.(ساکار ئەنوەر:١١١:٢٠٠٩)

هەروەها وشەکانی(قاڕە،پڕۆسە،لۆگاریتم،گومرگ،بلوور،دینار،قەنەفە...هتد)لە زمانی لایتینییەوە وەرگیراون.

**١٠-وشەی فەڕەنسی:**

بۆ نموونە وشەکانی:

-**فانیلە**:واتە ژێرکراس.فانیلە لە(flanelle)ی فەڕەنسییەوە هاتووە و بووە بە فانیلە،لە ئەڵمانیدا بەشێوەی(flanell) دەنووسرێ،لە یۆنانیشدا هەر فانیلەیە.(ساکارئەنوەر:١٠٩:٢٠٠٩)

-**سرنج**:جۆرە ئامێرێکە کە بەوە دەرمانی شلاو دەکرێتە ڕەگ و گیانی نەخۆشەوە. لە وشەی فەڕەنسی (seringue)هاتووە کە بە ئینگلیزی (syringe)ە,وشەی شرینقە(شريقە) هەر لەوەوە هاتووە. (ساکارئەنوەر:١٠٩:٢٠٠٩)

هەروەها وشەکانی(پیل،شۆستە،بلووز،کۆنترۆڵ،قوماش،پاسپۆڕت،دیکۆر،ڕجیم،پڕۆژە،کۆبۆن،کاسێت، بەلەکۆن،گلۆپ،ئەژدیها،ژاڵە...هتد)لە فەڕەنسییەوە وەرگیراون.

دیارە نموونەی زۆرترمان هەیە، ئەمەش لە هەموو زمانێکدا کارێکی ئاساییە، گرنگ ئەوەیە کە بزانین هەموو وشەیەک ئەگەر بەدوای ڕەچەڵەکیدا بڕۆین لەوانەیە نموونەی وایان تێدابێت کە تۆ بە هی خۆتی نەزانی و کەچی لە ڕەسەن دا هی زمانەکەی خۆت بووبێت، زمانانی تر وەریان گرتبێت، ئێمە جارێکی تر وەرمان گرتبێتەوە.

## ئەنجام

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا چەند خاڵێک دەخەینە ڕوو:

١-وشە ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە زماندا،بە یەکەیەکی بنچینەیی زمان دەژمێردێت.

٢- لەناو زمانی کوردیدا چەند جۆرێکی وشە هەن:

آ-**وشەی چالاک:** ئەوانەن کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێن و هەردەم لەسەر زارن و لە چاپەمەنێکاندا بەرچاو دەکەون،بۆ نموونە(دەست،نان،خواردن).

ب-**وشەی سست**: ئەو وشانەن کە بەرە بەرە بەکارهێنانیان کەم دەبێتەوە و بەرەو سوان دەچن و زمان جێ دەهێڵن،بۆ نموونە(دۆست،ناندین..).

ج-**وشەی نوێباو**: ،ئەم دیاردەیە واتە پەیدا بونی وشەی نوێ لە زماندا،بۆ نموونە(نووسەر،گۆڤار..)

د-**وشەی مردوو:** هەر وشەیەک لە زماندا نەمێنێت و بمرێت،هەر ئەوەندە نییە کە تەنها لەبەرچاو ون بێت،بەڵکو ئیتر کەس بیری لێ ناکاتەوەو بەکاری ناهێنێت تا لەئەنجامدا نامێنێت و ئەمرێت. بۆ نموونە(قاڵغان،ڕەقیب..).

٣- خواستن واتە هەڵگرتنەوە و بەکار هێنانی کەرستە زمانیەکان(فۆرم و واتا)لەزار و زمانێکی تردا.

٤-خواستن ئەگەر هەڵقولاوی پێویستییەکان بێت،ئەوا هیچ زیانێک بە زمانەکە ناگەیەنێت چونکە دیاردەیەکی سروشتییە،نیشانەی دواکەوویی زمان ناگەیەنێت،بەڵکو زیندویەتی زمان دەنوێنێت.

٥- جۆرەکانی خواستن بە گشتی لە دو شێوەدا دەبینرێت:

آ- خواستنی بە ئارەزوو: لە ئەنجامی گەشە و گۆڕانی زمان دێتە کایەوە.

ب-خواستنی سەپێنراو:لە ئەنجامی ململانێی زمانەکان ڕودەدات.

٦-لەسەر ڕووی ئەم زەمینە هیچ نەتەوەیەک نییە هەڵگری زمانێک بێت،کە هەموو وشە و زاراوەکانی هی زمانە ڕەسەنەکەی خۆی بێتبەڵکو بە شێوەیەکی بێ ئاگا گەلێ وشەو زاراوە دێنە ناو زمانەکەیەوە.

٧- دۆزینەوەی ڕەگی مێژووی هەر وشەیەک زانستێکی گەشەکردوو و بەرفراوان و هەمە لایەنە،لە ڕێگای لێکدانەوەی وشەوە زۆر ڕاستی مێژوویمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ڕەنگە بە ڕێگاکانی تر کارێکی ئەستەم و نامەیسەر بێت.

# لیستی سەرچاوەکان


کتێب

١- ئەورەحمانی حاجی مارف.١٩٧٥.وشەی زمانی کوردی.چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد-بەغداد

٢- جەمال نەبەز.١٩٧٦.زمانی یەکگرتووی کوردی.لە شاری بامپێتگ لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بە ئۆفێست لە چاپ دراوە.

٣- ڕەفیق شوانی.٢٠١٤.وشەسازی زمانی کوردی.چاپی دووەم.چاپخانەی داودی- کەرکوک

٤- شاسوار هەرشەمی.٢٠٠٩.هەندێک زانیاری گشتی لە بارەی زمانەوە.چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی

٥-عبدولواحید موشیر دزەیی.٢٠١٣.وشەسازی زمانی کوردی.چاپی دووەم.هەولێر

٦- فاروق عومەر سدیق.٢٠١١.لەدایکبوونی وشە.چاپی یەکەم.چاپخانەی شڤان-سلێمانی

٧- فاروق عومەر سدیق.٢٠١٥.ڕەچەڵەکی وشە و پەلهاویشتنی.چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی نارین- هەولێر

نامەی ئەکادیمی

١-ڕۆژان نووری عبدالله.(٢٠٠٦).فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی.کۆلێژی پەروەردە-زانکۆی کۆیە،نامەی ماستەر.

٢-ساکار ئەنوەر حەمید.(٢٠٠٩).وشە خواستن لە زمانی کوردیدا.زانکۆی سەلاحەددین.نامەی ماستەر.

٣-سەرکەوت مەجید ڕەحمان.(٢٠١٧).فراوانبوونی وشەی زمانی کوردی لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە.کۆلێژی زمان.نامەی ماستەر.

٤-شۆخان عەزیز عومەر.(٢٠١٤).لێکسیکۆلۆژی و هەندێک وشەی چالاک لە فەرهەنگی کوردیدا. فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی.نامەی ماستەر.

فەرهەنگ

١- عەلی نانەوازادە.٢٠١٧.فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی.بەرگی یەکەم.چاپی یەکەم.تهران

٢- عەلی نانەوازادە.٢٠١٨.فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی.بەرگی دووەم.چاپی یەکەم.تهران

٣- عەلی نانەوازادە.٢٠١٩.فەرهەنگی ڕیشەی وشەی کوردیی.بەرگی سێیەم.چاپی یەکەم.تهران

٤- عەبدوڵڵا ئیبراهیم زادە.٢٠١٤.فەرهەنگی ڕامان.بەرگی دووەم.

گۆڤار

١- هەژار موکریانی.١٩٧٤.گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد.بەرگی دووەم.بەشی یەکەم.چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد-بەغدا.